# دیوانی شوکری فەزڵی

کۆ کردنەوەی:

**عەبدوڵڵا عەزیز خالید (ئاگرین)**

١ـ دیاری

ئیش کە رووی ئێستە لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی
فکری وردیشی ئەوێ، هەر بە دوعا و نوێژی نەکەی
گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بە با دا لە کنت
چاکە هەر لێی خورِی، سەیری دەم و کاوێژی نەکەی
سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارِێژی نەکەی
حەیفە چاوێ کە جەفا کۆڵەوەژی تێدەشکان
تۆ بە کلچێوکی وەفا عەینی گەلاوێژی نەکەی
قەومی بێسەر نییە ئەمرِۆ لە هەموو عالەمدا
ئەتەوێ تاجی سەری بی، بە هەوا گێژی نەکەی
شا، وەکوو شایەکی شەترەنجە لە عالەم ئەمرِۆ
گەورە قانوونە، قسەی کورت ئەمەیە، درێژی نەکەی

٢

بۆ کوشتنی شەیدایان هە لەحزە موهەییایە
ئەی دڵ حەزەری لێ کە، بێخەوف و موحابایە
وا مەستە ئەڵێن چاوی، بیبینە چ هۆشیارە
بۆ سەیدی دڵی عاشق تیری لە کەماندایە
نەفعی چییە ئەم ڕۆحە هەر لەحزە ئەگەر نەیکەم
قوربانی قەد و باڵای ئەو دولبەرە رەعنایە
باعیس بە فیراقی یار هەر تەعنەیی ئەغیارە
کوێر بن هەموو، مەحرووم بن لەو بەزم و تەماشایە
نەزم و غەزەلی هەممی، شایستەیی تەحسینە
مەوزوون و تەڕ و شیرین، دڵجۆ و دڵئارایە

٣

به قامەت سەروی بوستانە، بە روخ وەک ماهی تابانە
عەقیقی لێون عیسادەم، ئەمیری جەمعی خووبانە
بە گەردن ئاهوویی چینە، بە کاکۆڵ خاڵی موشکینە
لە نەسلی ئادەمە ئەمما لە جوملەی حوور و غیلمانە
پەشێواوە لە سەر سەفحەی عوزاری حاشیەی پەرچەم
لە دەرکی مەعنییی خەتتی، خیرەد داماو و حەیرانە
عەجایب موعجیزێکم دی لە باغی حوسنی جانانە
لەسەر بەرگی گوڵی ئەحمەر بنەفشەزار و رەیحانە
لە بۆ نەخچیری دڵ «هەممی» موهەییا نێرگسی مەستی
موژەی تیر و کەمان ئەبرۆ، بە غەمزە ئافەتی جانە

٤

وا کاکۆڵی ئەو شۆخە بە دەم بادی سەباوە
ئێستاکە لە هەر لاوە پەرێشان و بڵاوە
خاڵی سیەهـ و پەرچەمی پڕچینی لە سەر روو
بۆ سەیدی دڵی عاشقە ئەو دانەوو داوە
چون ماهـ لەگەڵ روومەتی ئەو بەیتە موقابیل
نەعلی فەرسی رشکی، مەهـ و قورسی هەتاوە
مەنعم مەکەن ئەر وەحشیسفەت بادییە تەی کەم
هۆشم کە لە سەردا بە قەدەر زەڕڕە نەماوە
زۆر «هەممی» بە شۆڕ و شەڕە ئەو شۆخە بە غەمزە
هەر خوێنی شەهیدانە لەسەر ڕێگە رژاوە

## ٥

له هیجرا رۆژ و شەو عاشق خەریکی نالەیی زارە
پەرێشانحاڵە قوربان، عاجز و غەمبار و بیمارە
شیفام با ماچی لێوت قەت نییە ئێستاکە، دڵ چونکە
بە نووکی خەنجەری موژگانی خوونرێژت بریندارە
بنازم، وردە غەمزەی چاوی مەستت ئەی کەمانئەبرۆ
کەوا بۆ کوشتنی عاشق عەجەب تیرێکی خوێنخوارە
ئەگەر بۆ سەیدی مورغی دڵ نەبێ کاکۆڵی موشکینت
لەبەرچی هەروەها چینچین و پێچاوپێچ و خوارە
لە چینی پەرچەمی تۆدا سەبا سست هاتە سەفحەی باغ
مەگەر سەرمەستە قوربان بۆیە وا ئاهیستە رەفتارە
بە کوشتن شاد ئەبم ئێستا، بە شەرتێ گەر بەجێبێڵێ
لە دڵدا خەنجەری بۆ یادگار ئەو شۆخە غەددارە
حەمەدبەگ[١] تا بڵێی شیرینە «هەممی» هەروەکوو نەزمم
کە هەم مەشهووری ئافاق و پەسندی یار و ئەغیارە

---

[١] مەبەست لە حەمەدبەگی گوندی موغانی لای شاری سلێمانییە

له دووریت تا بەکەی عاشق خەریکی زار و رۆڕۆ بێ
لە کونجی میحنەتی غەمدا هەتاکەی دەستەئەژنۆ بێ
بە ماچێ بێ، بکە دەرمانی زامی کوشتەکەت جانا
هەتا کەی دڵ برینداری خەدەنگی فیرقەتی تۆ بێ
سەراسەر عالەمت خستۆتە حیرەت ئەی پەری، چونکە
کەسێ نەیدی بەری عەرعەر ترنج و سێو و لیمۆ بێ
هیلاکم من بە دەستی فیرقەتت، لوتفێ بکە ئاخر
هەتا کەی جان و دڵ نەشئەی شەرابی وەسڵەتی تۆ بێ
بە میقرازی غەمی، کۆتا بووە رشتەی حەیاتی من
جەوابی ئەو نییە «هەممی» هەتا کەی «های» و «یاهۆ» بێ؟

٧

رەقیبی بەدلقا یاڕەب ئەسیری دەردی میحنەت بێ
فتادەی بەحری غەم، دوچاری گەردابی مەشەققەت بێ
بە ئوممێدی مرووەت، بێنسیبی کەی، عەبەس چونکە
لە دنیا هیچ کەسێ نەیدیوە بەد، ساحیب مرووەت بێ
ئیلاهی کوێر ببن جوملە رەقیبان یەک بە یەک، تا کەی
ئەسیری ناری فیرقەت بم، دەمێ با وەقتی وەسڵەت بێ
رەقیبی سەگسفەت چاری بە نان و دەرزییە «هەممی»
عیلاجی دوورکونەندەی هەر ئەوە، با تووشی زەحمەت بێ

عەجەب شۆخی لە نەفحەی پەرچەمی پڕچینی موشکینی
ئەسیری سەرسەری نیسیانە ئێستا نافەیی چینی
لە بەیتی روومەتی خاڵی سیاهی وەک حەجەر وایە
کە بۆیە عالەمێ ئێستاکە وا موشتاقە بۆ دینی
لەبۆ باغی نەزاکەت نەونیهالێکە سەمەنبۆیە
لەگەڵ بەرگی بەهەشتی رەشک ئەدا ئەندامی سیمینی
لە زەخمی چەشم، یارەب دوور کەوێ گوڵزاری حوسنی یار
رواوە سومبولی خۆشبۆ لە سەر ئەو سنگی نەسرینی
ئەمیر ئیبنی ئەمیرە، هەم لە حوسنا میری میرانە
لە دنیا دین ئەکا یەغما، عەقیقی لێوی شیرینی
تەماشاگاهی روخساری حەمەدبەگ تا مویەسسەر بێ
ئەمن چبکەم لە خولد و کەوسەر و گوڵزاری رەنگینی
لەگەڵ عوششاقە گوفتی هەر بە خەنجەر «هەممی» ئەو شۆخە
خودا بمکا فیدایی خەنجەر و دەستی بلوورینی

کوا شاهم؟ کوا ماهم؟ کوا سەرداری خووبانم؟
کوا ئارامی گیان و دڵ، کوانێ میری میرانم؟
کوا راحەتڕەسانی خاتری مەحزوون و غەمگینم؟
کوانێ رۆشنایی‌بەخشی دیدەی ئەشکڕێژانم؟
کوانێ شەهسواری عەرسەیی حوسن و مەلاحەتمان
کوانێ شای سوپاهی دولبەرانی ماهڕوویانم
سەبا! لوتفێ بکە، بێنە پەیامێ بۆ منی بێ‌دڵ
کوانێ یۆسفی سانی، کوانێ جانی جانانم؟
منی دوچاری دەرد و هیجر کرد ئەو شۆخەوو رۆیی
بە غەیرەز ماچی لێوی ئەو نییە ئێستاکە دەرمانم
عەجەب، رەحمی بە حاڵی من نییە ئەو لالە روخسارە
کە ئێستا لالەزارێکە لە خوێنی ئەشک دامانم
بە ناری فیرقەتی سووتا بەیەکسەر جەرگ و جان و دڵ
خودا رەحمێ بە حاڵی من نەکا، مومکین نییە مانم
لە وەجهی مەرحەمەت ئەمشەو لە چەرخی هەفتەما «هەممی»
مەلائیک زار وناڵین بوو، لەبو حاڵی پەرێشانم

وا دولبەری ئەم شارە هەموو ماهـ جەبینن
یەغماگەری هۆش و خیرەد و رەهزەنی دینن
سیمینزەقەن و گوڵبەدەنن، کەبکخەرامن
هەم راحەتی جان و دڵی عوششاقی حەزینن
فیلجوملە وەکوو تازە نیهالی ئیرەمن هەم
وەک لالەیی خولد و گوڵی فیردەوسی بەرینن
ئاهوورەوشن، تاووسی زەڕڕینپەڕ و باڵن
ئەم دەستە، مەلائیکسفەت و شەهرنشینن
هەر یەک کە بە دوو نێرگسی جادوو لە فسووندا
باعیس بە هەوا و کەشمەکەشی روویی زەمینن
روو غونچەیی لالەن، وەکوو غیلمانی بەهەشتن
با ناز و کریشمە هەموو وەک حوور جەبینن
هەر یەک کە بە بۆیی شکەنی پەرچەمی پڕخەم
قیمەتشکەنی ساحەوو هەم نافەیی چینن
بۆ بورجی تەماشا قەمەر و شەمس و نوجوومن
بۆ وەجهی لەتافەت هەموو وەک دوڕڕی سەمینن
یەک یەک هەموو ناوک مژە و ئەبرۆ کەمانن
هەر لەحزەیە لەبۆ کوشتنی عاشق لە کەمینن
فارغ نییە هەر لەحزە لە چەند لاشەیی عاشق
هەر لەحزە دووسەد خەستە لەبەر ئاهـ و ئەنینن
دەستیان هەموو «هەممی» کە لەسەر تیغی دەبانە
هەر لەحزە وەها حازر و ئامادە بە کینن

ئەم ساوە بەچانە کە لە ئەوسافی نەمامن
دەرد ئەدەنێ، تەفرە مەخۆ، قەد مەڵێ رامن
گا دۆستی وەفادار، گەهێ دوژمنی خونخوار
دڵنەرم ئەبێ گاهێک و گەهێ سەختی کەلامن
غەمگین مەبە، نەک بۆ تۆ، وەفایان نییە بۆ کەس
مەعلوومە کە ئەم تاقمە وەک تاسی حەمامن
دووڕوون وەکوو کاغەز، دووزمانن هەروەکوو خامە
رەش عەینی مەرەکەب لە دڵ، خارج لە نقامن
هەر ئەو کەسە دانایە کەوا سەرفی نەزەر کا
لەو بێبەر و پشتانە کەوا مەشهووری تامن
لەم عەسرە سەرت سوڕ مەکە «هەممی» کە ئەمانە
هەروا لە وەفادا، چەندە بێعەهد و دەوامن

١٢

به غایی دڵم زاره لەبەرسەهمی نیگاهی
بەم کەوکەبەیی حوسنە بڵێ نادرە مەحموود
عاشق کوژە، غەددارە، دڵئازارە، جەفاجۆ
خوێنڕێژە، شەرەنگێزە، موژەی خەنجەرە مەحموود
جەبرەن دڵی «هەممی» بە خەمی کاکۆڵی بەنگە
حوسنی کە ببێ زێب و زەڕ و زێوەرە مەحموود

**٥خشتەکی لەسەر غەزەلی کوردی**

لە چاوم دەم بەدەم دێ، جۆ بە جۆ فرمێسکی خوێنینم
بریندارى خەدەنگی عەشقم و مومکین نییە ژینم
لە من ئێستاکە بێزارە بە کوللی جانی شیرینم
رەفیقی کونجی میحنەت عاجزن هەر شەو لە ناڵینم
گوڕێزانن لەبەر لێشاوی مەوجی ئەشکی خوێنینم
بە ناری فیرقەتی تۆ جیسم و جان و دڵ کەوا سووتا
وەرە رەحمێ بە حاڵم کە، فیدات بم، ئەی مەلەک سیما
بە یادی پەرچەم و خاڵی سیاهـ و روومەتت ئێستا
ئەگەرچی رۆژ و شەو مەشغوولی نەغمەی موتریبم ئەمما
لە غەم خاڵی نییە ساتێ دڵەی مەحزوون و غەمگینم
کە ئەووەڵ من ئەسیرت بووم، بە تەحقیق ئەی سەنەم زانیم
بە هیجران دەمکوژی ئاخر نییە رەحمت بە شەیداییم
لە سینەمدا ئەوا کەوتۆتە خوێن، زامی دڵم داییم
تەبیب دێن دەوای دەردم بکا، خۆ من زەدەی دووریم
بەبێ دارووی وەسڵی ئەو نییە ئارام و تەسکینم
لە فیرقەت قەت نییە عاشق ئەسیری دەرد و میحنەت بێ
لە رێی پێغەمبەرا مردم ئیتر با وەقتی وەسڵەت بێ
بە جانانم بڵێن تا کەی وەها تەرکی مرووەت بێ
ئەگەر مومکنی نییە وەسڵت، لە پاش مردن وەسییەت بێ
لەباتی قەوم و خوێشانم لەسەر مەیتم بکا شینم
لەبەر دەرگای ئەوا کەوتم، بە ئاهـ و شیوەن و گریان
لە رۆح ئێستاکە بێزارم، منی بەرهەم زەدەی هیجران

ئەگەر ئەو شۆخە، من بکوژێ بە شمشێری برۆ و موژگان
شەهیدی عەشقم و مەمشۆن و کفنم بۆ مەکەن یاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم
منی کوشت ئاخر ئەو یارە، بە کەس مومکین نییە چارم
لە مانم یەک نەفەس ماوە، نییە رەحمێ بە هاوارم
کە دەسپێرن بە خاکی لەحد، یاران جیسمی بیمارم
لە پەردەی تاهری گەر بێ سەدای ئەو عاشقی یارم
ئیتر حاجەت نییە، بێنن مەلا بۆ وەعز و تەڵقینم
مەکە بێمەنفەعەت زاری، مەڕێژە قەترەی ئەسرینت
کە سستە گەردنی هەممی نیگارت روشتەیی ژینت
شەهیدی تیری موژگانت نیشانەی جیسمی خوێنینت
عەبەس کوردی! مەلائیک دێن ئەپرسن مەزهەب و دینت
کە قادر خۆی ئەزانێ من لەسەر کام مەزهەب و دینم؟

## شێخ ڕەزا هەجوی شوکری دەکات

«شوکری»! لە داخت ئەمە ساڵێکە وە یا دووە
کێرم نەخۆشە، حاڵی پەرێشانە، کەوتووە
جارێ بپرسە موخلیسەکەت چۆنە، چۆن نییە؟
مەحسووبە کۆنەکەت ، عەجەبا ماوە، مردووە؟
کوشتەی فیراقی تۆیە، عیلاجی ئەگەر نەکەی
ئۆباڵی بەو ملەت کە دەڵێی نێرکە کاردووە
عەمدەن ئەڵێم نەخۆشە، موراعاتی تۆ ئەکەم
وەرنە دەمێکە ڕۆحی بە جەننەت سپاردووە
گەر من درۆ ئەکەم ئەوە دایکت بپرسە لێی
یایە بە دەستی خۆی کفن و دفنی کردووە
شانە و خەنە و حەمامی حەرام کردووە لە خۆی
پاش ڕەحمەتی ، حەرامە لە من ، سوێندی خواردووە
ئێستەش کراسی چڵکنە و ناولنگی کوڵکنە
وەک دێوەڵووکە تووکی بەری بستێ هاتووە
یایە ئەگەر سەگرمە بە ژێر کوڕکەیا بچێ
هەر وا دەزانێ لاقە مەلێکی پیاچووە
یایە کە مەعبەری دوبری و دێهلیزی کوزی
یاتاغی ئەشقیایە ، گوزەرگاهی ئۆردووە
شیعرێ کە تۆ بە چاکی دەزانی شیاکەیە

نەزمێ کە تۆ بەیانی دەفەرمووی گەن و گووە
هەر وەک تسێ کە جەوهەری خۆی دەربخا بە با
نامووسی خۆت بە شیعری سەفیهانە بردووە
بەم شیعرە بێفەڕانە نابییە «شێخ ڕەزا»
زەحمەت مەکێشە ئائینە کاریی ئەرەستووە

**شوکری، وەڵامی شێخڕەزا دەداتەوە**

ریشانی کێری خۆم کە لە ژنتا ڕەتاندووە
سەرسمی داوە کەوتووە، جەرگی پساندووە
هێند سەختە قەحبەیە، دەربەندی ناو کوزی
بێچارەیەی خشاندووە، پەراسووی شکاندووە
یا شێخ ئەتۆش تەماتە سواری ئەمەش بی
حاڵی خراپە، سست و سەقەت ماوە، ماندووە
کەڵبەت نەماوە حیزە، کە بێسوودە عەفعەفت
پیری دووتای کردووی، شانت خەفاندووە
هەجوت کە بیتی کوردییە بۆ کێرمی ئەکەی
ئەم قۆڕە قۆڕە هیچە، ڕەزا تۆم تڕاندووە
لێشاوی کێری مەتڵەبە «گوڵچین» وەگەرنە بۆچ
وەک تاقی پردی خاسە کوزی داچەقاندووە
تا ماوە دیی، زەبەللەحی تسعینی بێنە پاڵ
بێگانی تاوی داوە کوزی داوەشاندووە
شوکری بە کوونی گانی کوڕی بێنە نەزمەوە
زۆری نەداوە سەد ملەکێری تەقاندووە

## شێخ ڕەزا هەجوی شوکری دەکات

پووره شوکری بەسیە با نەتگێم و سمتت لەق نەکەم
دایکە کێرخۆرت هەواڵەی سووری سەر ئەبلەق نەکەم
نییەتم بوو دەفعەیێ خۆمت پیادەم باز وتم
نەقسە بۆ ئەمسالی من با گوێ لە هەر ئەحمەق نەکەم
من کە شەهبازی شکارئەندازی شاهیم پێ دەڵێن
حەیفە با ئاهەنگی جەنگی سەرگەڕ و لەقلەق نەکەم
تۆ بە جارێ وەک ژنی فاحیشە پێت لێ هەڵبڕی
نەء ، وتم خەیری نییە، چاوێکی گەر لێ زەق نەکەم
حیزە! ساخۆت بگرە، تا بۆت بێمە مەیدانی مەساف
شەرتە هیچت پێ نەڵێم تا بن گونت نەستەق نەکەم
کۆنە حیزی شاری بەغدا! لێم حەرام بێ شاعیری
گەر کوزی خۆشکت وەکوو ئەیوانی کیسرا شەق نەکەم
هەر وەکوو «مەستی»م بە فەردێ گا خوا ڕۆحم بەرێ
مولحیدی کافرمەزەب گەر تۆش بە ئەو مولحەق نەکەم
من دەزانم کێ لە خشتەی بردویی ئەمما چ سوود؟
سەییدە، سەیید قسەی سووکی دەبێ دەرحەق نەکەم
پێی بڵێ با مونتەبیهـ بێ ، تۆش گەن و گوو بەس بخۆ
با سلێمانی بە جارێ کافری موتڵەق نەکەم
عەهدە کردوومە لە خزمەت شێخ «ڕەزا»دا، ورچە کوێر!
نەی خەمە ناولنگی دایکت، تا لە تۆی ئێرەق نەکەم

**شوکری، وەڵامی شێخڕەزا دەداتەوە**

شێخ رەزا عەرزت ئەگێم، خۆت بۆچی ئەحمەق کردووە
قەوچە وەک ماکەر  ئەکەیت و گوێت وەها لەق کردووە
حیزە ئێشی مێخی سابق چاوتی زەق کردووە
قەحبە گوڵچین تۆی کەوا گەووادی موتڵەق کردووە
من بە مەترەق بارەها کوزیم شەق و پەق کردووە
تۆم نەوەک ئەمجارە هەتک و پەتک و نەستەق کردووە
باوکی مەعلوومت نییە، لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بە گوێی دایکت، چووزانم دایە بەر کێ پێش و پەس
گوو مەخۆ یا شێخ ئیتر با شۆڕشێ بەرپا نەکەم
خۆت و کەرکووکت بە جارێ سەر بەسەر ئیفنا نەکەم
با لە ناولنگی ژنت پێچاڵی سەد جۆڵا نەکەم
با کوزی وەک قەلعەیی خەیبەر بە مەترەق وا نەکەم
مەستی فیعلەن، داکی گای ئەم سرڕە با ئیفشا نەکەم
بۆچ ئەکەی هەجوم، بەڵێ تۆ شێخی، هەجوت با نەکەم
باوکی مەعلوومت نییە، لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بە گوێی دایکت، چووزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

## شێخ ڕەزا هەجوی شوکری دەکات

عالەم و دنیا ئەزانێ شوکرییە کوێر خەرجی منە
شۆخ و شەنگە، هەروەکوو ڕەققاس ئەڵێی موتلەق ژنە
دایکی حیزی خەڵکی بەغدا و باوکی گەووادی سنە
وەک بەدیعەی بنت بەکراوای بێچواو و بێ‌بنە

## شوکری، وەڵامی شێخ‌ڕەزا دەداتەوە

لۆتی و ڕەقّاس من نیم، نێرەگای پیرە بنە
ئەی لە گوڵچینی ژنت بەم، (ئوندەر دیدن بنە)
بۆچی نازانی لە کوێیە لۆتیانی قۆریە
هەموویان شێخ‌ژن دەگێن، شێخ‌ژن دەڵێ: تینم نەنە

### شوکری، وەڵامی شێخڕەزا دەداتەوە

من بۆ کەرکووک هاتووم، دەعوام هەیە، دەعوا ئەکەم
کێری چل تابووری کوردان بای ئەدەم، تێی رائەکەم
کورد و عارەب، داودە فەحلن لەبۆ لێدان هەموو
فاڵی شێخژن گەرمە، فاڵی عالەمی پێ چا ئەکەم
مەقسەدی چا کردن بوو، ئیسمی یاشێخ جێی هەیە
حاکمی دوو سێ وجووهم، حوکمی لێ ئیجرا ئەکەم
وەی بکەم کەرکووک بە جارێ ئافەرینتان پێ بکەم
بۆچی وا عاجز نەبێ، وا چابوکی ریسوا ئەکەم
گاسنی هەجوم لە وەردی شێخ رەزا مەعتەل بووە
نایبڕێ شوکری بە بیللا گاسنی پۆڵا ئەکەم

### شێخ رەزا هەجوی شوکری دەکات

تۆیش لە من بووگی بە شاعیر، ئەی حەرامزادەی سنە؟
بۆچە شانی ناخەفێنی مەسرەفی، مەسرەفی چەس ئەو تنە؟
عیززەت ئاهەنگی لە کوێ بوو ئەی کوڕی وەستا شەفی
وردە ئاهەنگێ کە فەرمووت ها وەلای وەستاژنە

### شوکری، وەڵامی شێخڕەزا دەداتەوە

شاهم شیعری خۆت وەرگرە، کەمدەماغ و سەرسەری
ئەگەر من زۆڵی سنەم، تۆ پووشت و گەوواد و کەری

# بەشی فارسی

**له ستایشی شێخ مستەفای حەفیددا**

۱

دست خیاط ازل خرقه ناموس و عفاف
خوش بریدست به بالای نقیب الاشراف
یعنی ینعم الخلف حضرت کاک احمد شیخ
آنکه با شیر زند پنجه به میدان مصاف
مصطفی نام و چراغ نسب مصطفوی
نطفهٔ هاشم و نقد کمر عبدمناف
مدعی گو نزند لاف ز هم‌چشمی او
تکیه بر جای بزرگان نتوان زد به گزاف
به زیارتگه آباء کرامش چه عجب
سر قدم ساخته آیند ملایک به طواف
ای تو را بندگی من نه به امید طمع
ندهم دست کریم تو به صد وجه کفاف
امتیاز از دگران داده خدادیت به سه چیز
همت عالی و دست کرم و طینت صاف
تکیه بر مسند جدت زن و اندیشه مکن
جز سر انگشت ندامت نگزد أهل خلاف
خصم را تیغ زبان من و شمشیر تو بس
وای از آن روز کهٔ این هر دو براید ز غلاف
بشکافد دم شمشیر تواش مهرهٔ پشت

بگذرد نوک سنان مَنَش از حقه، ناف
کمترین جود تو ای زبدهٔ اولاد حسین
خرج ده ساله دولت ز دو لک خانهٔ جاف
تا بود همچو نبی آکله با آل علی
چرخ در بارهٔ ارباب هنر بی انصاف
باد اندام عدوِّ تو به سجیل قضا
عصف مأکول لإیلاف قریش إیلاف

## ۲

از سرمه آب‌داده خدنگ نگاه را
آری خموش کُشته بسی بیگناه را
دارند مو به مو ز پریشانیم خبر
آخر یکی بپرسد ز دو زلف سیاه را
افتاده‌ام به‌پای سمند تو چون غبار
تا از دو دیده آب زنم شاه‌راه را
از چشم و ابرو و مژه‌ات دل تباه شد
در ملک فتنه‌هاست، شها این سپاه را
شُکری چنین به وصف تو راند سخن درست
تا نشکنی به ناز، تو طرف کلاه را

شیخ رضا در هجو شُکری

صبا ز بنده که هستم تهمتن شعرا
ببر سلام بر شکری که ای زن شعرا
گواهست زردی رویت بدان که حامله‌ای
ولی بگو ز کدامین قلم‌زن شعرا
اگر ز نطفه من بخشدت خدا پسر
نباده کن لقبش اهریمن شعرا
عجب مدار که آن کودک بزرگ نژاد
به یک دو هفته شود شیر اوژن شعرا
ترا به محکمی و سختی و کمر نازم
که منهدم نشد از گرز صد مَن شعرا
سرت چو کفۀ میزان فرو نشسته بخاک
فراز مانده دو پایت بگردن شعرا
ذخیره‌ای نبود از هنر در انبارت
به غیر خوشه‌چینی ز خرمن شعرا
هان کیسۀ کونت نه آنچنان شده چاک
که التیام پذیرد به سوزن شعرا
دوباره حامله‌ات میکنم اگر ترنی
سلیطه دست دخالت به دامن شعرا
به اتفاق سخن گستران قافیه سنج
سرامدی چو (رضا) نیست در فن شعرا

جواب شکری به هجویه شیخ رضا

به شاخ معنویت ای رضا چو جاموسی
نه‌ای ناکس تو، لاکن و کسیّ و معکوسی
ز تاب آتش نظمم شود چو آب، آهن
اگر تو باک نداری ز ننگ و مأیوسی
نگفته‌اند که شاعر شو و ز ننگ مترس
به اتفاق همه خلق حال دیّوسی
ز شرم، در لحد اجداد عالیت لرزند
ز بسکه ناخلف و بی‌حیا و ناموسی
چه هرزگی کنی ای قلتبان سایل‌خو
سخن بسنج که در نزد خویش قاموسی
اگر خروش پرسی بیا در این صحیفه حرب
دوال کیر به کونت زنم تو خود کوسی
زنانه دم بزنی زانکه روسپی طبعی
کنون که محتسبم من کجا روی روسی
محمد پسرت را بگو پدر خوش باش
چرا ز کیر بترسی مگر تو کابوسی
اگر تو نائبی (لسون درّ بدّن)
چرا به فطرت تو در چنگ رستم و طوسی

## قصیده

شدم مجنون چو بر دل خوردمی از غمزه پیکانش
به آهویان شدم همدم به یاد چشم فتّانش
زند حرف محبت بامدادان باز از شوخی
همان طفل نگه بر لوحهٔ دل کلک مژگانش
ز اشک سرخ رنگم زرد و درد از حیرت چشمم
سفید از انتظار و سیه‌روزم ز هجرانش
همان ماضی و استقبال و حال و مصدر الفت
که هشیاری و رسوایش، دردی نیست درمانش
اگر مشک خطا گفتم خطش را، بس خطا کردم
که رویش گلشن عدل است نوخیزیده ریحانش
ز شوق صفحهٔ گلزار رویش را سحرگاهان
به گردون می‌رساند بلبل دل آه و افغانش
کسی داند بهای لؤلؤ نظم من ای «همّی»
که در غواص بحر پر فصاحت رفته ازمانش

تخمیس بر یک بیت فارسی

دلا میلت به مال و جاه تا کی؟
دمی بر حال خود واقف بشو، هی
نماند اول و آخر، به جز حی
جهان جام و فلک ساقی، أجل مَی
خلایق باده‌نوش از مجلس وی

**تخمیس بر شعر (عیشی)**

به عمر شوق دهد نشئهٔ دیدار علی
رشک فردوس بود گلشن رخسار علی
آب یاقوت دهد لعل گهربار علی
نرخ شکر شکند لذت گفتار علی
سرو را پست کند شیوهٔ رفتار علی

تا که از شهرت حسنش به جهان ریخته ننگ
نیست اقلیم دلی را که نیاورده به چنگ
کار بر چین و هندو به حبش آمد تنگ
لشکر موی و خط و خال کشیده است به جنگ
گشته بر جمله کنون سرور و سالار علی

دوش در بندر حسنش به تماشا رفتم
دین و دل باختم و بر سر سودا رفتم
آمدم مُسلم و بر مذهب ترسا رفتم
هجرت از صومعه کردم به کلیسا رفتم
تا بدیدم اثر کاکل و زنّار علی

خلق ز آشوب جمالش همه در گفت و شنفت
این نه رازی‌است که در سینه توان داشت نهفت

از دم خنجرش از خون جگر گل بشکفت
قلعهٔ خیبر دل را به جلادت بگرفت
قوّت بازوی شیرافگن قهّار علی

خامه در وصف خط او رقم مشکین است
ورق دفتر دل را سبب تزیین است
فکر «همّی» به خیالش همه دم ز کمین است
غزل «عیشی» از آن شهد صفت شیرین است
می‌کند ذکر لب لعل شکربار علی